# کۆچی گەنجان بۆ هەندەران

د. بورهان أ. یاسین

هەولێر، ٢٠١٥/٩/٧

## پێشینەیەکی مێژوویی

کورد لە باشووری کوردستان لە شەپۆلی جیا جیادا روویان لە هەندەران کردووە. زۆربەی زۆری ئەوانەی کە باشووری کوردستانیان جێهێشتووە، یا لە جەنگ و ململانێ خوێناویەکان یا لە بارودۆخێکی ناهەمواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی رایان کردووە و روویان لە هەندەران کردووە. بەم پێیە دەتوانین ئەم شەپۆلانە بەسەر چەند ماوەیەکی زەمەنیدا دابەشبکەین:

١) ناوەڕاستی حەفتاکان: ئەم شەپۆلە زیاتر پەیوەندیدار دەکرێ بە نسکۆی ١٩٧٥ی بزاڤی چەکداری لە باشووری کوردستان. ئەم شەپۆلە لە رووی ژمارەوە خەڵکانێکی زۆر نەبوون، بەڵام لە رووی سیاسییەوە زۆر گرنگ بوو. چوونکە لەناو ئەم شەپۆلەدا لە رووی سیاسییەوە خەڵکی زۆر هوشیار و چالاکی تیا بوو وە هەروەها ژمارەیەکیش لەوانە توانیان لە رێگای خوێندنەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن وە ببن بە سەرچاوەیەکی هێزی مرۆیی گرنگ بۆ وڵاتەکەیان.

٢) **١٩٨٠کان**: ئەم دەیەیە دوو هۆکاری کۆچکردن لەخۆ دەگرێ:

أ. جەنگی عێراق و ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨) و لە سێبەری ئەم جەنگەشدا چەوسانەوەی نەتەوەیی لە ژێر سێبەری فەرمانڕەوایی رژێمی بەعسدا؛

ب- کیمیاباران و ئەنفال و نسکۆی ١٩٨٨-١٩٨٩ی بزاڤی چەکداری لە باشووری کوردستان.

٣) **ساڵانی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣**: لەم ساڵانەدا ناهەمواری باری ئابووری (زۆرتر بەستراو بە دوو دانە گەمارۆ - گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و کوردستان وە گەمارۆی رژێمی بەعس لەسەر کوردستان)، بەڵام لە هەمووی گرنگتر شەڕی خۆکوژی نێوان پارتی و یەکێتی هۆی گرنگ بوون بۆ بێهیوابوونی خەڵک، بە تایبەتی گەنجان، وە بەم هۆیەشەوە جێهێشتنی وڵات.

٤) **دوای کەوتنی رژێم ٢٠٠٣ تا ئێستا:** لە راستیدا ئەم ساڵانە دوو شێوازی کۆچکردن لەخۆ دەگرێ. یەکێکیان گەڕانەوە بە هۆی هیوابوونێکی تازە، کە یەکێکیان پەیوەستە بە باشبوونی بارو گوزەرانی خەڵک وە ئەوەی تریان هیوابوونێکی سیاسییە کە ئەویش دامەزرانی حکومەتی هاوبەشە (تۆ بڵێ حکومەتی یەکبووی پارتی و یەکێتی). ئەگەر چی حکومەت تا ئێستاش نەیتوانیووە ئاکامەکانی دو ئیدارەیی لەناو بەرێت، بەڵام دیسان لە رووی سیاسییەوە، هەڵبەتە شانبەشانی باشبوونی باری ئابووری، بووە هۆی گەڕانەوەی خەڵکانێکی زۆر لە دەرەوەی وڵات بۆ باشووری کوردستان.

### هۆکارەکانی کۆچکردن

بە پێوەرە جیهانییەکان کۆچکردن لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر یا لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دوو هۆکاری هەرە سەرەکی هەن (**بێهیوابوون** لە وڵاتی کۆچبەر وە لە لایەکی ترەوە **هیوابوون** بە وڵات و جێگەیەکی ترەوە، واتە وڵاتی کۆچبۆکردن) کە هەر یەکێکیشیان دەکرێ بکرێ بە ژمارەیەکی زۆر هۆکار:

**١)** ئەو هۆکارانەی کە کۆچبەر پاڵ دەدەن بۆ کۆچکردن (push factors) واتە بە مانایەکی تر ئەو فاکتەرانەی کە کۆچبەر بێهیوادەکەن وە وایلێدەکەن کە وڵاتەکەی بەجێبهێڵێ. لە راستیدا ئەگەر باس لە هۆکارە پاڵپێوەنەرەکان بکەین کە دەبنە هۆی رۆشتنی گەنجان لە باشووری کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات ئەوا دەبینین کە کەمجار ئەم هەموو هۆکارە نێگەتیڤ (نەرێنی)یە لە یەک کاتو

ساتدا کۆببنەوە: باری ئابووری ناهەموار و دارماو، نەبوونی خزمەتگوزاری و بوونی واقیعێکی سیاسی کە هەڵگری **بێهیواییەکی** فراوان و قوڵە کە ئەوپەڕی بێزاری و توڕەیی گەنجانی ئەم وڵاتەی لێکەوتۆتەوە. لە هەمووی خەراپتر، وە ئەمەش زۆر گرنگە، گەنجی ئەم وڵاتە لەو باوەڕەدایە کە ناتوانێ لە وڵاتی خۆیدا ئەو توڕەیی و بێزاریانەی کە هەیەتی لە وزەیەکی رێکخراودا بیکا بە چالاکی سیاسیی کاریگەر  و بەرهەمدار. دەکرێ مرۆڤ بڵێ، بوونی بواری کراوە و ناسنووردار بۆ خۆپیشاندان، بە مەرجێک خۆپیشاندان بەرهەمدار بێ واتە نارەزایەتی خەڵک گوێی لێبگیرێ و کاریگەری هەبێت، دەشێ ببێتە هۆیەکی گرنگی مانەوەی گەنج لە چاوەڕوانی چاکسازی و گەڕانەوەی هیوابوون بە دوارۆژ.

لە لایەکی ترەوە بوونی ئەو هەموو گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە بوونەتە هۆیەکی گرنگ بۆ دوو شت، کە هەردووکیشیان گرنگن وە پاڵپێوەنەرن بۆ جێهێشتنی وڵات: ١) بێمتمانەیی بە سیستمی سیاسی و سیاسەتکاران و بەرپرسانی وڵات؛ ٢) لە ئاکامی ئەم هەموو ناهەمواریيەدا پابەندبوونی گەنج بە خاک و نیشتمانەکەی بە شێوەیەکی مەترسیدار لاواز بووە. لە راستیدا نەبوونی ئەو شانازییانەی کە دەبنە هۆی مانەوەی گەنج لە وڵات، هۆکارێکی گرنگن بۆ جێهێشتنی وڵات. هەڵبەتە پێچەوانەکەشی راستە، بوونی کۆمەڵێک شانازی کە وا دەکات گەنج خۆی پێیانەوە هەڵبکێشێ و پێیانەوە سەربەرز بێت، دەبێتە هۆی نەک هەر مانەوەی، بەڵکو مانەوە و بە هەموو نرخ و باجێکیش پاراستنی ئەو شانازییانە... زۆر بە گشتی و بە چڕی چوونە دەرەوەی بە کۆمەڵی گەنجان یەکێکە لە ترسناکترین لوتکەکانی شکستی دەسەڵاتی خۆماڵی، شکستێک کە فرەڕەهەند و سەرتاسەری و قووڵە. کۆی وێنەکەش سیگناڵ و هێمای هەڵدێرێکی مەترسیدارە!

**٢)** ئەو هۆکارانەی کە کۆچبەر رادەکێشن (pull factors) واتە دەکرێ باس لە بوونی هیوایەک لە دەرەوەی خاک و نیشتمانی کۆچبەر بکەین. لە راستیدا هەر نەبێ لە زهنی کۆچبەردا وێنەیەکی تەواو پێچەوانە هەیە بۆ ئەو وێنەیەی، کە لە

بار و دۆخی وڵاتی خۆی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، هەیەتی. ڕاستە زۆر جار وا دەبێ کاتێک گەنج دەگاتە دەرەوەی وڵات بەرەوڕووی کۆمەڵێک ڕاستی دەبێتەوە کە دوورن لە خەونی خۆی، بەڵام دیسان ڕازییە چونکە ئەو کاتە بەراوردەکە لەگەڵ ئەو وێنە "خەیاڵاویە" نییە کە لە وڵاتەوە هەڵگری بوو، بەڵکو لەگەڵ ئەو وێنە تاریک و واقعە تاڵەیە کە لە وڵات جێی هێشتووە.

**چی دەکرێت؟**

ئاسانە بڵێین کە لە بارێکی ئاساییدا دەبوایە کۆمەڵێک هەنگاوی جددی بهاوێشترانایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەی کۆچکردنی بە کۆمەڵە.

گەنجی ئەم وڵاتە، وە بە گشتی کۆچبەر، کاتێک لە هەموو ڕوێکەوە تەنگەتاودەکرێ، ناکرێ بە هەندێ گفتاری گشتی و قسەی جوان لە لایەن بەرپرسانەوە باوەڕی پێبهێندرێ کە وڵاتی خۆی بەجێ نەهێڵێ... ئەگەر دەسەڵاتی کوردی ڕاستگۆیە لەوەی کە دەخوازێ گەنج لە وڵاتی خۆی بمێنێتەوە، ئەوا پێویستە بە کردار کۆمەڵێک هەنگاو بنێ. لە لایەکی ترەوە هەنگاوی بەکردار و جددی زیاتر یوتۆبیا (خەیاڵ)ە تا واقیع لە ژیانی سیاسی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا: سەرۆکایەتی هەرێم لە بۆشایی یاساییدا دەژێ، ئەنجومەنی وەزیران زیاتر لە ئەنجومەنێکی لەکارکەوتوو و ئیفلیج دەچێ تا ئەنجومەنێکی کارا، پەرلەمان بە توندی کەوتۆتە ژێر کاریگەری نێگەتیڤانەی پێشوەچوونەکانی ٢-٣ مانگی دوایی. لەوەش ناچێت باری دەسەڵات لەم سێ ڕەهەندەوە لە مەودایەکی کورت یا مامناوەندیدا چارەسەر بکرێت... بە کورتی و بە چڕی، لە سێبەری قەیرانێکی جددی فرەڕەهەند و قوڵی دەسەڵاتدا، کە زۆر بە داخەوە پێشبینی خەرابتر تا چاکتری لێدەکرێ، پێناچێت چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە ئێستادا لە چەند قسە و بەیاننامەیەک تێپەڕ بکات، کە ئەمەش هەرگیز بەشی ئەوە ناکات ئەم دیاردەیە چارەسەر بکات.